# مرۆڤدۆستەکانی ڕۆژئاوا و دژایەتیکردنی شەڕ

بەکر شوانی
bschwani@hotmail.com

ماوەیەکە مرۆڤدۆستەکان و ڕێکخراوە مرۆییەکانی ڕۆژئاوا دەستیان داوەتە زنجیرەیەک چالاکی بۆ نارەزایی دەربڕین لەدژی هێرشی چاوەڕوانکراوی ئەمەریکا بۆسەر عێراق. کاتێک چاو بە دروشم و ڕاگەیاندراوەکانی بەشێکی ئەم ڕێکخراو و کەسانەدا دەگێڕیت، ئەگەر خەڵکی کوردستان یان عێراق نەبیت، وا دەزانی کە ڕژێمێکی زۆر دیموکرات و پارێزەری مافی مرۆڤ لە بەغداد لەسەر کارە و ئەمەریکا دەیەوێ تەخت و تاراجی بەسەر یەکدا بڕوخێنێ. دروشمی سەرەکی ئەمان (نا بۆ شەڕ) ە و وا نیشان دەدەن کە ئەمەریکا بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی نەوتدا خوازیاری داگیرکردنی عێراقە. ئەم مرۆڤدۆستانە، زۆر بەدەگمەن نەبێت، ئاماژە بۆ مەینەتیەکانی گەلانی کوردستان و عێراق ناکەن، بەڵکو بابەتەکە بەشێوەیەک دەخەنە ڕای گشتی ڕۆژئاواوە وەکو ئەوەی کە شەڕ لەدژی گەلی عێراق دەبێت نەک بۆ ڕوخاندنی ڕژێم. بەمجۆرە ئەم کەس و گروپانە بخوازن یاخود نا، بەم هەڵوێستەیان خزمەت بە ڕژێمی عێراق دەکەن و دەبنە هۆی زیادبوونی مەینەتیەکانی هەردوو گەلی کوردستان و عێراق. لەهەمان کاتدا پەرەسەندنی چالاکی ئەم گروپانە و بێدەنگیی ڕای گشتی ڕۆژئاوا لەبەرامبەر تاوانەکانی ڕژێم، کاریگەریی ڕژێم لەسەر ئەم گروپانە و لاوازیی ئۆپۆزسیۆنی کوردی و عێراقی نیشان دەدات. ڕژێمی عێراق ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە پەرەسەندنی بەرزبوونەوەی شەپۆلەکانی نارەزایی دەربڕین دژ بە شەڕ یاخود ڕاستتر بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بۆ گۆڕینی ڕژێم. ئەمەش لەو کاتەوە تاوی سەند کە ڕژێم ڕازی بوو پەیمانی (نەوت بەرامبەر بە خۆراک) ئیمزا بکات، ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیای نێودەوڵەتی ڕژانە عێراقەوە و هەر یەکەیان هەوڵی دەدا کە بەشی شێری بەربکەوێت و چەورترین پەیمانی بازرگانی لەگەڵ ڕژێمدا مۆر بکات. ڕژێمیش ئەم هەلە زێڕینەی قۆستەوە و مەرجی ئەوەی خستە بەردەستیان کە بەشێک لە داهاتەکانی خۆیان بۆ ئەو ڕێکخراوە ناحکومیانەی ڕۆژئاوا خەرج بکەن کە داوای هەڵگرتنی گەمارۆی ئابوری سەر عێراق دەکەن و لەدژی هەوڵەکانی ئەمەریکان بۆ ڕووخاندنی ڕژێم. ئێستاش زۆربەی مرۆڤدۆستەکان بە خۆیان بزانن یان نا، بە فیتی ئەو جۆرە ڕێکخراوانە هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی شەڕ بەڕێوەدەبەن. هەڵبەتە گەلانی عێراق و کوردستان هیچ کاتێک لایەنگری شەڕ نەبوون و پێیان خۆش نیە شەڕێکی تریش یەخەیان بگرێ، بەڵام تاقیکردنەوەکانی (٣٠) ساڵی ڕابردوو نیشانی دا کە هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕژێم بە ئاشتی و بە هەوڵی ناوەکی، کارێکی بێهودەیە. خەڵکی کوردستان و عێراق بریندارن و هەست بە ئێش و ئازاری برینەکەیان دەکەن، بێگومان هەستکردن و بینینیش دوو شتی جیاوازن و مرۆڤدۆستەکانی ڕۆژئاواش کە دەبوو هەر هیچ نەبێت برینەکان ببینن و قسەیەکی خێر بۆ ئەم گەلە ژێردەستانە بکەن، کەچی دەبینین ئەم هەلەش لە دەست نادەن و تەنانەت بۆ بەسەربردنی چەن ساتێکی خۆش بۆ ڕابواردن کەڵکی لێوەردەگرن. لێرەدا بەپێویستی دەزانم نمونەیەکی

www.kurdistannet.org

چالاکی مرۆڤدۆستەکانی ئەڵمانیا بۆ خوێنەران بهێنمەوە. لەم ڕۆژانەدا دەمەو ئێوارەیەک لە شاری کۆڵن چوومە کەنار چەمی (راین) و بینیم کەشتیەکی جوانی گەشتوگوزار لەوانەی کە لە ناوەوە ڕیستورانت و باڕی گەورە و نایابیان تێدایە و لە نێوان شارەکانی (کۆڵن و دوسەلدۆرف) دا هاتوچۆ دەکەن، لەلایەن گروپێک لەم مرۆڤدۆستانەوە بەکرێگیراوە و لە هەموو لایەکەوە بە دروشمی دژ بە شەڕ ڕازێندراوەتەوە. (مرۆڤدۆستە شەڕنەخوازەکان) بەدەم هەڵلوشینی خواردنی بەلەزەت و نۆشکردنی خواردنەوەی جۆراوجۆر و ناوبەناویش سەما و خۆلەراندنەوە، هێرشی چاوەڕوانکراوی ئەمەریکایان بۆسەر عێراق پرۆتێستۆ دەکرد. ماوەیەک ڕاوەستام و سەرنجی دیمەنەکەم دا و لە دڵی خۆمدا وتم؛ هاوار لە "بەختەوەریی" ڕژێم و "بەدبەختی" گەلانی کوردستان و عێراق و "بێئاگایی" ئەم (مرۆڤدۆستە شەڕنەخوازانە!) .

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چوونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org کوردستان نێت